تۆڕی میدیایی ڕووداو سپۆنسەریانە

# کوردستان موکریانی دوو کتێب بڵاودەکاتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

د.کوردستان موکریانی دوو کتێب چاپ و بڵاودەکاتەوە کە یەکێکیان پرۆژەیەکی گیوی موکریانیی باوکیەتی.

کتێبی یەکەم بەناوی (چەند بابەتێک لەبارەی زمانی کوردی)یە. کۆبەرهەمی ژمارە دووە و بریتییە لە سەرجەم ئەو وتارانەی پێشتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان یان لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی تایبەت بە زمان لەلایەن نووسەرەوە بڵاوکراونەتەوە یان پێشکەش کراون.

موکریانی لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەم کۆبەرهەمەم تەرخان کردووە بۆ ئەو بابەتە زمانەوانیانەی کە لە کۆڕ و کۆنفرانسی زمانەوانیی بەغدا، پاریس، لەندەن، هەولێر و دهۆک پێشکەشم کردوون، یان لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوم کردوونەتەوە".

هەروەها دەڵێت: "لێکۆڵینەوە و وتارەکانی ناوئاخنی ئەم بەرهەمە بە گشتی زمانەوانین، لە نێویاندا هیچ باس و توێژینەوەیەکی ڕێزمانی ناگرێتە خۆی".

کتێبی دووەم (گوڵچنی گیو)ە کە دوو بەرگە و لە 1124 لاپەڕە پێکدێ، بریتییە لە پرۆژەیەکی گیو موکریانی تایبەت بە ژیان و سەربوردەی شاعیرانی کورد و چەند نموونەیەک لە شیعرەکانیان.

کوردستان موکریانی لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی: "گیو موکریانی باوکم کۆکردنەوەی ئەو پرۆژە فراوانەی بەردەستتانی لە کۆتایی ساڵانی سی سەدەی ڕابردوودا دەستپێکردووە و تا دوا ماڵاواییکردنیشی لە ژیان لە (24/7/1977) هەر بەردەوام بووە. گیو هەوڵیداوە بەرهەمی هۆنراوەیی بوێژانی سێ چارەک لە سەدەی بیستەمدا و هی زەمانی پێشتریش کۆبکاتەوە".

هەردوو بەرهەمەکەی کوردستان موکریانی لەلایەن چاپخانەی ڕۆژهەڵات و بە سپۆنسەری تۆڕی میدیایی ڕووداو چاپ کراون.

# "ڕۆژانی فیلمی کوردی" لە ئەمستردام بەڕێوەدەچێ




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا چالاکییەک بەناوی "ڕۆژانی فیلمی کوردی" بەڕێوەدەچێ کە تێیدا چەندین فیلمی کوردی نمایش دەکرێن و گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێ.

بە گوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی دیارنامە کە گرنگی بە چالاکیی ئەدەبی و هونەری دەدات، ئەو چالاکییە لە ڕۆژانی 24-26/5/2019 لە ئەمستردام بەڕێوەدەچێ.

چالاکییەکە سەعات 16ی ڕۆژی 25ی ئایار بە نمایشکردنی هەردوو فیلمی (دەنگی باکوور) و (ڕادیۆی کۆبانی) دەستپێدەکات. سەعات 20ی هەمان ڕۆژ کورتە فیلمێکی خانمە دەرهێنەری کورد بێری شەڵماشی "دەنگێک لە ژوورەوە" و فیلمی "زەڕ" کە لە دەرهێنانی کازم ئۆزە، نمایش دەکرێن.

هەر لە ماوەی سێ ڕۆژی چالاکییەکەدا چەند فیلمێکی دیکە نمایش دەکرێن، لەوانە هەردوو فیلمی زاگرۆس و میسیی بەغدا کە لە دەرهێنانی سەهیم عومەر خەلیفەن. هەروەها بەرفانبار لە دەهێنانی ئەرسین چەلیک. گۆرانیی دایکم لە دەرهێنانی ئەڕۆڵ مەناش. فیلمی پاشای دزێو لە دەرهێنانی حوسێن تاباک.

# سەڵاحەدین بایەزیدی سەرقاڵی وەرگێڕانی ڕۆمانێکی نوێیە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

سەڵاحەدین بایەزیدی، وەرگێڕی دیار و ناسراو، سەرقاڵی وەرگێڕانی ڕۆمانێکی نوێی ڕۆماننووس فلیپ کلۆودێلمە.

بایەزیدی لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "ئێستا خەریکی وەرگێڕانی ڕۆمانێکی فیلیپ کلۆودێلم بە ناوی (ڕۆحە خۆڵەمێشییەکان) دوای (نەوەکەی میسیۆ لین)، ئەمە دەبێتە دووەم ڕۆمانی ئەم نووسەرە کە لە فەرەنسییەوە وەریدەگێڕم".

سەڵاحەدین بایەزیدی بە وەرگێڕانی کتێبی نووسەرە فەرەنسی و تورکەکان ناوبانگی دەرکردووە و دەیان ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.

"بۆ کەسێک کە پیشەی سەرەکیی وەرگێڕان نەبێ، دەبێ بۆ هەموو کتێبێک کاتێکی زۆر تەرخان بکا. زۆرن ژمارەی ئەو کتێبانەی لە خەیاڵمدان و زات ناکەم لێیان نزیک ببمەوە، بەڵام بە بیرم دێ لەبەر نەبوونی کات، وازم لە وەرگێڕانی گەلەک کتێب هێناوە، چونکە قەبارەی کتێبەکان گەورە بوونە، لە ناویاندا کتێبی نووسەرانی وەک ژان کریستۆف ڕووفەن، ژان ماری لۆ کلێزیۆ و ڕۆمەن گاری". سەڵاحەدین بایەزیدی وای گوت.

ئەو وەرگێڕە تا ئێستا هەوڵی نەداوە کتێب لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی فەرەنسی وەربگێڕێت و دەڵێت ئەگەر بیر لە کارێکی لەو جۆرە بکاتەوە ئەوا سەرەتا دەبێت بیر لە چاپکردنەکەی بکاتەوە.

سەڵاح بایەزیدی ساڵی 1982 لە مهاباد لەدایک بووە و 11 ساڵە لە سویسرا دەژی.

بایەزیدی لە وەڵامی ئەوەی کە حەزی دەکرد چ کتێبێک لەوانەی پێش ئەو کراون بە کوردی وەربگێڕێت، گوتی: "بۆشاییەکی گەورە لە بواری وەرگێڕاندا هەیە، بۆیە بە گشتی دەست بۆ هەر کتێبێک دەبەی، دەبینی وەرنەگێڕدراوە، بە حوکمی ئەوەی من زیاتر کار لەسەر بەرهەمی نووسەرانی هاوچەرخی فەرەنسیزمان دەکەم، دەستم زیاتریش ئاوەڵایە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێم خۆشبوو (مادام بۆڤاری)

# ڕۆمانێکی دیکەی جان دۆست دەکرێتە کوردی



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل سەرقاڵی وەرگێڕانی ڕۆمانی "دەستنووسی پێترسبۆرگ"ی نووسەری ڕۆژئاوای کوردستان جان دۆستە. ئەم کتێبە دەبێتە پێنجەم ڕۆمانی جان دۆست کە سەباح ئیسماعیل وەریدەگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

نووسەر و شاعیر جان دۆست، ساڵی 1965 لە کۆبانێ لەدایک بووە. لە زانکۆی حەلەب بەشی بایۆلۆژی تەواو کردووە. لە ساڵی 2000ـەوە لە ئەڵمانیا دەژی. جان دۆست بە شیعر دەستی بە کار کرد و یەکەمین دیوانی (قەڵای دمدم) ساڵی 1991 لە ئەڵمانیا و پاشان لە هەمان ساڵدا لە ئیستەنبوڵ بڵاوکردەوە. تا ئێستا 10 ڕۆمانی نووسیوە و بەم ڕۆمانەوە شەشیان کراون بە کوردی.

سەباح ئیسماعیل وەرگێڕی ڕۆمانەکەی جان دۆست بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەم ڕۆمانە باس لە چیرۆکی دوو کەس دەکات، یەکیان لە ئیمپراتۆریای ڕووسیا و ئەوی دیش لە ئیمپراتۆریای عوسمانی. ئەو دووە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە شاری ئەرزڕووم بە یەکتر دەگەن.

کابرای عوسمانی پیاوێکی کوردی دیندارە و ناوی مەلا مەحموودی بایەزیدییە، لە نێو خەڵکدا لە دەڤەری ئەرزڕووم وەکو پیاوێکی ئایینی و زانایەک ناسراوە و پێوەندیی بەرفراوانی لەگەڵ چینی سەردەستەی عوسمانی و هەندێک لە میرانی کورد هەیە. هەرچی ئەوی دیکەیە، ئۆگوست ژابای کونسوڵی ڕووسیای قەیسەرییە لە ئەرزڕووم. ئۆگوست ڕۆژهەڵاتناسە و بە نەژاد پۆڵۆنییە. پێوەندیی لەگەڵ مەلا مەحموود درووست دەکات و لە بەرامبەر کارکردنی لەگەڵی لە وەرگێڕانی کتێب و دانانیدا بۆ ئەکادیمیای ئیمپراتۆری لە پێترسبۆرگ، پارەیەکی باشی دەداتێ.

"دەستنووسی هەرە گرینگ مەلا مەحموود دەینووسێت و نزیکەی دوو ساڵ کات دەبات، باسی مێژووی لەبیرکراو دەکات. کونسوڵی ڕووسی دەستنووسەکە وەردەگرێت و دوای تەواوبوونی کارەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئیزمیری دەبات، تاکو بۆ ئەکادیمیای ڕووسیی بنێرێت. لە بەیەکداچوونی ڕووداوەکاندا دەستنووسەکە ون دەبێت. هەموو بەرهەمەکانی بایەزیدی لە کتێبخانەی گشتیی پێترسبۆرگ دەدۆزرێنەوە تەنیا ئەو دەستنووسە نەبێت کە ڕۆمانەکە بە دەستنووسی پێترسبۆرگ ناوی دەبات".

وەک سەباح گوتی: "ئەم ڕۆمانە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەستنووسەکە چی لێهات؟ ڕۆمانەکە باس لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری لە هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە دەکات. هەموو ئەمانەش بە زمانی درەخت و گوڵ و شار و ڕووبار دەگێڕدرێنەوە".

سەباح ئیسماعیل لە ناسراوترین وەرگێڕە کوردەکانە و دەیان ڕۆمان و کتێبی فیکری و لێکۆڵینەوەی لە زمانی عەرەبییەوە کردوون بە کوردی.

## نامە ئەکادیمییەکان

# چەمکی داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورد دا

## کرمانجیی خواروو (1970–1920)



هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە نامەیەکی ماستەری (دیلمان قادر)ە، بە سەرپەرشتی (پ.د. دڵشاد عەلی) ساڵی (2017) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.

بنەڕەتی نامەکە کارکردنە لەسەر تێڕوانینی شاعیرانی کورد بۆ چەمکی داهێنان و داهێنانی شیعر کە لە سێ بەش پێکهاتووە: یەکەم، چەمکی داهێنان لە رەخنەی ئەورووپیدا و دووەم، چەمک، سەرچاوە، کۆنی و تازەیی، ئەرکی شیعر لای شاعیرانی کورد و بەشی سێیەمیش بۆ بنیاتی هونەری لە تێڕوانینی شاعیرانی کورد تەرخان کراوە.

بەشی یەکەم: داهێنانی ئەدەبی لەگەڵ رەخنەی ئەدەبیدا هاوشانە. ئەوەی دەگوترێت دەقی ئەدەبی بنەمای لەدایکبوونی رەخنەیە، کاتێک دروستە کە دەقەکە داهێنەرانە بێت، ئەمەش وا دەکات دەق و رەخنە لەسەر بنەمای داهێنان بوەستن. ئەی داهێنان چییە؟ چەمکێکی گشتگیر و سرکە، بەپێی قۆناغ و بارودۆخە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. سەرەتا ئەفلاتون ئیلهامی کردبووە بنەمای داهێنانی دەقی شیعری کە شاعیر ئەگەر داهێنەر بێت، ئیلهامی بۆ نەیەت دەقەکەی داهێنەرانە نابێت. ئەفلاتون دژی لاساییکردنەوە بووە و پێیوابووە داهێنان بریتییە لە وێنەکردنی جیهانی ئایدیا و بەرز کە زەینییە و بەرهەست نییە، بۆیە سەرچاوەی سروشی شیعری شاعیران لای خواکانە. بەڵام ئەرستۆ لاساییکردنەوەی بە بنەمای هاوبەشی هەموو هونەرەکان زانیوە و داهێنانیشی بە دۆزینەوەی بنەما هونەرییەکان و کاریگەری دروستکردنەوە بەستووەتەوە. هەرچی هۆراسە شیعری لە خەیاڵ داماڵیوە و وەک پیشە سەیری داهێنانی شیعری کردووە. لە پێش رێنیسانس بیرکردنەوە لە داهێنان پڕگومان و فریوەدەرانە سەیرکراوە، بەڵام لە سەدەی هەژدەوە رۆڵی مرۆڤ هاتە پێشەوە، چونکە داهێنان لە هیچەوە نایەت، بۆیە لەنێوان خوای هونەر و شیعر و رووکردنە مرۆڤ، داهێنان بینراوە کە ئەمە لای رۆمانتیکەکان جارێکی دیکە بە پیرۆزبینی و ئیلهامی شیعر زیندووکرایەوە.

دواتر توێژەر باسی گرنگیی شیعری لیریک لای شاعیرانی رۆمانتیک دەکات کە بایەخیان بە سروشت، گیان، تاقیکردنەوەی خودی و ئیلهام و نائاگایی دەدا، بۆیە فرۆیدیش پێیوایە سەرچاوەی داهێنان نەستە. هەروەها ئادلەر سەرچاوەی داهێنانی بە غەریزەی خۆشەویستییەوە بەستووەتەوە. هەرچی رێبازی هونەر بۆ هونەرە، سەرچاوەی داهێنانی بە دەق خۆیەوە دەبەستەوە کە ئەمەش لە ئاکامی ئەرک و کەڵکبەخشی بە دەقەوە هاتەئاراوە، چونکە مارکسییەکان پێیانوابوو پەیوەندییەکی جەبری لەنێوان ئەدەب و باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەیە. مۆکارۆفسکی پێیوایە ناکرێت لەڕێگەی شیکردنەوەی واقیعی جیهانەوە بچینە ناو جیهانی دەقەوە، بەڵکو دەبێت لە رێگەی واقیعی دەقەوە، واقیعی دەرەکی بناسین.

سەبارەت بە تێڕوانینی رەخنەی عەرەبی ئیسلامیش، توێژەر پێیوایە لە پاش هاتنی ئیسلام زمان و ئەدەبی عەرەبی بووە پردی پەیوەندیی نێوان ئەدیبەکانی ناوچەکە، بەڵام لەسەرەتادا رەخنەی فارسی دەوری گرنگی هەبووە. لە رەخنەی عەرەبیدا داهێنان شتێکە لە نەبوونەوە دەهێنرێتە بوون. ئیبن رەشیق رای وایە کە ئیختراع دروستکردنی مانایەکە پێشتر نەبووبێت، بەڵام ئیبداع بەکارهێنانی مانایەکە کە پێشتر کەس بەو شێوەیە بەکاری نەهێنابێت. هەروەها لە قورئانیشدا خوا داهێنەر و بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، بەڵام بۆ دروستکەری ئادەم (خلق الانسان) هاتووە. بۆیە جیاوازی لەنێوان داهێنان و دروستکردندا کراوە، داهێنان لە نەبوونەوەیە، بەڵام دروستکردن شتێکە لە شتێکی ترەوە، بۆیە لە قورئاندا چەمکی شیعر بۆ زانست و زانیاری دەگەڕێتەوە. دەقی ئەدەبی کە چالاکیی مرۆڤە بە دوو شێوەیە، لایەنی ناوەڕۆک و هونەری کە ئەمەش زۆرجار لەنێوان وشە و مانادا باسکراوە، هەروەها کێش و سەرواش بە بنەمای داهێنانی شیعری بینراوە. لە رەخنەی عەرەبیدا باسی شەیتانی ئیلهام و هۆنراوە هاتووە. دواتر توێژەر باسی بنیاتی قەسیدە و چەمکی داهێنانی لە رەخنەی فارسیدا کردووە.

بەشی دووەم: سەرەتا توێژەر باسی کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لای شاعیرانی کورد دەکات و نموونەی بۆچوونی گۆران دەهێنێتەوە کە پێیوایە لەژێر ئەم کاریگەرییانەدا ئەدەبی کوردی رسکاوە، بەڵام بە چێژی نەتەوەیی ئاوێزان کراوە. هەرچی شێخ نوورییە، پێیوایە شیعر شێوە و ناوەڕۆک هاوتەریبن، مۆسیقاش بە کێش و سەروا دێتەدی کە سەرچاوەی جوانیسازین. توێژەر سەرچاوەی ئەم بۆچوونە بۆ رەخنەی عەرەبی دەگەڕێنێتەوە. رەشید نەجیب و سیاپۆشیش کە چەمکی شیعریان رۆشن کردووەتەوە، هەر لە ژێر کاریگەری رەخنەی عەرەبی و رۆمانتیکدا بوون. بەڵام پیرەمێرد کە باسی شیعر دەکات، سوود لە رەخنەی هاوچەرخی ئەورووپی وەردەگرێت، کە پێیوایە شیعر خەیاڵ دەکات بە فیکر، فیکریش بە کردەوە. لەبەرئەوە پیرەمێرد ئاگاداری رەخنەی نوێی ئەورووپی بووە. لای دیلان شیعر دەبێ ئەرکی هەبێت و لە خزمەتی گشتدا بێت. دواتر توێژەر باسی سەرچاوەی شیعر دەکات کە شێخ نووری بە بەهرەی خودی، توانای وەرگرتن و فێربوونیەوە بەستووەتەوە. سیاپۆش پیشەسازی شیعری کلاسیکی رەتکردووەتەوە و لایەنی خودی و وەرگرتنی لە واقیع کردووەتە بنەما. رەشید نەجیبیش شیعر بە بەرهەمی لێکدانی بیر، هەست و خەیاڵ دەزانێ. هەرچی گۆرانە ئەوا سەرچاوەی جیاوازی وەک ئیلهام و خوای شیعر و دەروون دەکاتە بنەما. سەبارەت بە ئەرکی شیعریش شێخ نووری چێژ و سوودبەخشی پێدەدات، سیاپۆشیش لەگەڵ هاودۆخی واقیع و راستییەکانی ژیاندایە بۆ شیعر، نەک ستایش و پیاهەڵدان. پیرەمێرد ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی شیعری پێش ئەگریجە و زولفی یار خستووە. گۆرانیش ئاماژە بەسەرچاوەی جیاوازی ئەرکی شیعر دەدات کە زیاتر بەشێوەی هونەر بۆ هونەر و ریالیزم و رۆمانتیکین. لای دیلانیش شیعر دەبێ خزمەتی مرۆڤایەتی بکات، کامەران موکریش پێیوایە شیعر دەبێ خزمەت بکات و لە خزمەتی کۆمەڵدا بێت. دواتر توێژەر باسی ناوەڕۆک و شێوەی شیعر دەکات. لە ناوەڕۆکدا کامەران موکری پێیوایە ئەدەبی کوردی خزمەتی خێڵ و بنەماڵەی کردووە، بەڵام رەفیق حیلمی دەڵێ شاعیرەکانمان شیعریان نەکردووە بە پیشە.

بەشی سێیەم لە دوو پار پێکهاتووە: زمان و وێنەی شیعر، ئاوازی شیعر.

نوێخوازانی شیعر بە شۆڕش بەسەر زمانی شیعری کلاسیکدا دەستیانپێکرد، ئەمەش پێشبڕکێی نووسین بە کوردیی پەتی لێکەوتەوە. شێخ نووری زمانی فەرمی و زمانی شیعر لەیەک جیادەکاتەوە؛ زمانی شیعر خوازەیە و وشەکان لەلایەن شاعیرەوە هەڵدەبژێردرێن و واتای جیاوازیان پێدەدرێت. هەرچی گۆرانی شاعیرە جگە لە کوردیی پەتی، پێشیوایە دەبێت سوود لە شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی ببینین، بەڵام ناشکرێ بۆ نووسین بە کوردیی پەتی بیری خۆمان قەتیس بکەین. دیلانی شاعیریش دەڵێ ناکرێ نووسین بە کوردیی پەتی بکرێتە پێوەری شاعیربوون، دەبێ کارامەیی دارشتنی هونەرییانە بێتەدی. شێخ نووری سەبارەت بە وێنەی شیعری کە دەیبەستێتەوە بە ئەندێشەوە، پێیوایە نابێت وێنەی ئاڵۆز سازبکرێ کە راستییەکان تێپەڕ بکات. سیاپۆشیش رەخنە لە وێنەی شیعریی کلاسیک دەگرێ کە نەیانتوانیوە وێنەی واقیعی خۆماڵی بکێشن، بەڵکو وێنەکانیان لاساییکارانەن. لەبارەی ئاوازی ناوەوەش شێخ نووری پێیوایە دەبێ وشە هەڵبژێردراوەکان ئاهەنگداربن تا کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر دروست بکەن. پیرەمێردیش مۆسیقای شیعر بە سۆزی شاعیر و کاریگەریدانان لە خەم یان شادی بۆ وەرگر دەبینێت. هەرچی گۆرانە رای وایە بە کێش و سەروا شیعر دروست نابێت، بۆیە بڕوای بە ئاوازی ناوەوە هەبوو؛ ئەمەش بە گونجان و رێکخستنی دەقەوە بەندە. بە گشتی شاعیران جەختیان لەسەر پێویستی مۆسیقای شیعر کردووەتەوە، کە مەرج نییە کێش و سەروا مۆسیقا دابین بکات. دواتر توێژەر بۆچوونی شاعیران لەبارەی ئاوازی دەرەوە (کێش و سەروا) دەخاتەڕوو، سەبارەت بە کێش باسی عەرووزی عەرەبی و خۆماڵییان کردووە، نوێخوازان زیاتر کێشی خۆماڵییان بەکارهێناوە؛ گۆرانیش پێیوایە کێشی خۆماڵی تا عەرووزی زیاتر لەگەڵ زمانی کوردی دێتەوە [کە ئەمەش بۆچوونێکی دروست نییە] بەڵام لەسەرەتادا زۆربەیان تێهەڵکێشیان کردووە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا حەوت ئەنجامی دیاری کردووە کە شاعیران سەرچاوەی شیعر بە یەکگرتنی بەهرەی خودی و فێربوون دەزانن. هەروەها شیعر لای شاعیرانی کورد دەبێ جگە لە چێژ و جوانی پەیامی هەبێ و خزمەت بکات. لە شیعری نوێدا شاعیران ئاوێزانی دڵداری و خۆشەویستیی نیشتمانیان کردووە. شاعیرانی ئەم قۆناغە یەکێتی کێش و سەروایان بە رێگر لەبەردەم یەکێتیی بابەت زانیوە. لە کۆتاییشدا زمانی شیعر و وێنەی شیعریان پەیوەست بە نزیکی خوێنەرەوە داناوە کە جگە لە هونەر و جوانیناسییەکەی، دەبێت لە تێگەیشتنی خەڵکەوە نزیک بێت.

---

# گۆران؛ رەخنەگرێکی رۆمانسی و کەمینەخواز

ئەمجەد غوڵامی



گۆران شاعیری مامناوەندی و لە هەمانکاتدا ناوبژایەتییە، ئەو یەکێکە لەو دەگمەن شاعیرانەی کە لەسەر خاڵی مامناوەندی گۆڕان و وەرسووڕانی شیعری کوردی وەستاوە و خۆی باشترین پێودانگە بۆ فۆرمولەکردنی ئاڵوگۆڕەکان. ڕەنگە ئەمە هەمان باس بێ کە پێشتر لە وتاری "لە گۆرانەوە تا بودلێر" باسم کردووە و تێیدا جەختم لە توانستی هاوشێوەسازییەکانی ناو شێعری گۆران لەنێوان زەینیەتی شاعیرانە و جیهانی دەرەوەییدا کرد. بەڵام گۆران تەنیا تازەکەرەوەیەکی سەڵتی ناو ئەدەب و شیعری ئێمە نییە، بەڵکوو وەک بەختیار عەلی لە دیمانەی خۆی لەگەڵ گۆڤاری هەنگاودا دەڵێ: "گۆران، تا ئەمڕۆش گەورەترین شاعیر و مەزنترین ژیاندۆستی مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەیە ... کە هەست و بینینی ئێمەی لە دونیای کلاسیک دەرهێنا و چاوێکی تری پێبەخشین".

هەر ئەم پرسەیە کە لێرەدا ختوکەی من دەدا بە پشتبەستن بە کتێبی "گۆران؛ نووسین و پەخشان و وەرگێڕانەکانی" دەلاقەیەکی دیکە بە رووی گۆراندا بکەمەوە. ئەویش لە کاتێکدا کە ئەم کتێبە باس لە هەوڵی رۆژنامەنووسیی ئەو لە گۆڤارەکانی ژین، هیوا، هاوار، گەلاوێژ و ...، وەک هەوڵێکی بێوێنە بۆ سازدانی گرێبەست و مانایەکی نوێی ئەدەبی بە ئاوڕدانەوەیەکی جیدی لە ئەدبی دراوسێ دەدا.

بۆ وێنە کاتێک شاعیر لە وتاری "سەرنجێکی کورت لە شیعر" کە لە ژمارەی 1127–1126ی گۆڤاری ژین لە ساڵی 1952دا بڵاوکراوەتەوە، دەڕوانێتە پێناسەگەلی دیناوخوازانە و پاشان جیاوازیی هەڵبەست (نەزم) و شیعر لای تیۆرییەکانی ئەرەستوو و هەوڵی رۆژئاوایان بۆ دەربازبوون لە داوی کێش و سەروا لە رێگەی هۆنینەوەی شیعری ئازاد، هەست دەکەی ئەنجامی وتەکانی شاعیر چ نییە جیا لە پێناسەیەکی تەواو بەرسازەگەرانە (construc-tivism) و دەخوێنیتەوە: "ئەگەر بمانەوێ بەپێی نەریتێک کە ڕەوایە و باوە و، بە جۆرێک خۆی لە خۆیا هەیە شیعر تعریف بکەین، ئەبێ بڵێین: شیعر قسەی ڕێکخراوە و بە ڕەنگێک، کە لە خوێندنەوەیا هەست بە جۆرێکی وەزن بکرێت. بەڵام لەو رووەوە کە شیعر لقێکە لە ئەدەب و ئەدەبیش بە ڕێکخستنی قسەی جوان تەعریف کراوە، ئەبێ لە بیرمان نەچێ کە بنچینەی ئەم تەعریفەی سەرەوە لەسەر قسەی ڕێکخراوی جوان وەستاوە".

ئاوا گۆران بۆ یەکەمجار ئەو جەسارەتە بە خۆی دەدا کە شیعر لە داوی خوێندنەوەیەکی کلاسیک و خانەقایی دەرباز بکات و ڕواڵەتێکی زانستیتری پێ ببەخشێ و لە موحازەرەکانی لە کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا پاش هێنانەبەرباسی سەرچاوە تیۆرییەکانی ڕەخنە لە ئەندێشەی یۆنانی و مێژووەکەی لە فیکری یۆنانی، عەرەبی و کوردیدا و پاشان بە دابەشکردنی جۆرەکانی رەخنەی وێژەیی وەک: ڕەخنەی مێژوویی، کەسایەتی، واتایی و بابەتی، ژێستێکی تەواو ئیپیستمۆلۆژیک بۆ وێژە و ئاستەکانی ڕوانین لە دەقی وێژەیی دیاری دەکا.

ئەوەی لێرەدا زۆر جێی سەرنجە، چۆنیەتی ڕوانین و سازبوونی سووژەیەکی زمانییە کە زمان بە لایەوە نە ئاراستەیەکی خێڵەکی، بەڵکوو دەلاقەیەکی جوانیناسی کراوەیە بۆ دەستەبەرکردنی شتەکان و هاوکات بارگاویکردنیان بۆ ئاوێتەسازییەکی ئایدیۆلۆژیک لە رێگای گوتاری شاعیرانە و هەروەها گوتاری کرچی جۆرنالیستیی ئەودەم. ئەم ڕوانینە کە تا ڕادەیەک نزیکە لە بۆچوونەکانی ماتیۆ ئارنۆڵد بە نیسبەتی فەرهەنگ، بە لای گۆرانەوە تاقانە ڕەهەندێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان و لە هەمانکاتدا ڕووبەڕووکردنەوەی خوێنەر لەگەڵ تەواوی خەزێنەکانی عەقڵی و هەستۆکی. کەواتە دەکرێ بڵێین: هەوڵی رۆمانسیی گۆران، چ نییە جیا لە چڕکردنەوەی زمان لە پێناو باشترین ئەندێشە و باشترینی وتەکان؛ لە وتارێک بۆ شرۆڤەی ڕەگەزپەرستیی ئەمریکییەوە بگرە تا کێشەی بۆمبی ئەتۆم؛ لە مێژووی ئەدەبی کوردییەوە بگرە تا سەرهەڵدانی سوریالیزم و دواجار لە توانست و سامانی بیرکردنەوەوە بگرە تا بانگەواز بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی سارد.

هەر ئەم هەوڵە لەپێناوی باشترینەکانە کە دەبێتە هۆی بەیەکگەیشتنەوەی جوانیی ئەخلاقی و جوانیی بەرپرسانە و لە هەمانکاتدا بەیەکگەیشتنەوەی تاک و کۆمەڵگا لای گۆران، ئاوەها کە هەمیلتۆن رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی لەو سەردەمەدا چ لەباری فۆرم و چ لەباری ناوەڕۆک (هاوکات لە باری چەند زمانەبوونیەوە)، گۆڤاری گەلاوێژی وەک گۆڤارێکی بێ هاوتای تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵدەسەنگێنێ.

بە گشتی گۆران بەپێی ئەم پێناسەیە و لە رێگەی گرێدانەوەی کات و زەمانی نەتەوە بە کات و زەمانی جیهانی ئەو سەردەمە و بە بەرزنرخاندنی گوتاری ڕەخنەگرانە، ناچارە لە ئەزموونکردنی ڕەنجێکی دووقاتە کە دەرئەنجامەکەی سازبوونی سووژەیەکی دووشەقە و لاڵە کە لە نێوان منی بێژەر و منی باسلێکراودا لە هاتوچۆدایە و نموونەی بەرچاوی ئەم لاڵبوون و دووشەقبوونەش هەمان شیعری "هەڵبەستی دەروون"ە. ئاوا گۆران لە نێوان ئەم دوو منە، جۆرێک ئاوارتەیی ئەزموون دەکا کە نە لەپێش ئەو و نە لە دوای ئەو نەبینراوە یان کەمتر بینراوە. بە ڕادەیەک کە دەتوانین بە شێوەی دێلۆزی ئەم ئەزموونکردنە وەک پەرەپێدانێکی ریزۆماتیک ناوی لێ بێنین ئەزموونی سوژەیەکی کەمینە کە هەوڵ دەدا خۆی لە داوی ناوی درەختی باوک و نۆرمی چەقبەستووی باو (بە تایبەت ئەو زمانەی کە پاش پیرەمێرد لە رێگەی سیاسی بوونەوە، هەوڵی دەدا بە خۆپەتیکردنەوە و جەخت لە ڕەسانەیەتی زمانی، ژێستێکی ئەخلاقی بە خۆی ببەخشێ) رزگار بکا. ئەم ئەزموونکردنی کەمینەیی لە ناو دڵی فەرهەنگ و زمانێکی کەمینە، وەک تایبەتمەندیی گۆران، دەرئەنجامەکەی چ نییە جیا لە دابڕانێک و پەرەدان بە بایەخی لە بیرکراوی سروشت (گەشتێکی هەورامان و جەماوەر (لە دەرزی پچەوە) و هەڵدانی ئەم دروشمە بۆ شێعر و گوتاری نوێی کوردی کە ئەرکی وێژە تەنیا و تەنیا داهێنانی "جەماوەر".

# کورتەیەک لەسەر فەلسەفەی شیکارانەی زمان

عادل قادری



کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە پەیدابوونی دوو فەیلەسووفی کاریگەر فایلێکی نوێ لە تێرامان و لێکۆڵینەوە زمانییەکان دەستپێکرد، یەکێک لەوانە بێرتراند راسێل بوو کە پسپۆڕی بواری ماتماتیک و بیرمەندێک بوو سەر بە نەریتی فەلسەفیی ئەزموونخوازیی فەلسەفەی ئینگلیز. راسێل درەوشاوەترین دەرکەوتنی لە نامە ڕەخنەییە زانستییەکەیدا بوو بۆ گوتلوب فریگە؛ ماتماتیکزانی ئاڵمانی، کە تێیدا تێزێکی فریگەی لە کتێبی یاسا بنەماییەکانی ژمارەکاریی ژمارەکان (Grundgesetze der Arithmetik) ڕەتکردبووەوە. (زبان حقیقت و حقیقت زبان ل 3، نوشتە یوسف.ص. علی ێبادی).

لە بەرهەمێکی دوو بەرگیی ماتماتیکیدا فریگە دەیویست هەموو ماتماتیک وەربگێڕێتە سەر زمانی لۆژیک و گوزارەچنین و رستەدارێژییەکی ماتماتیکانە بخاتە ڕوو، هەوڵێک کە دواتر راسێل و جۆرج ئیدوارد موور و ڤیتگنیشتاینی دەورەی یەکەم لە سەری ڕۆیشتن و بەرهەم و تێڕامانی هزریی قووڵیان لەو بوارەدا خستە ڕوو. بەهەرحاڵ فریگە لە وەڵامی نامەکەی راسێلدا دەڵێت: "بۆ زانستمەندێک هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە ڕاستەوڕاست پاش بە ئەنجامگەیاندنی ئیشەکەی، شاهیدی لەناوچوون و ڕووخانی بێت. لە کاتێکدا لەچاپدانی کتێبەکەم لە قۆناغی کۆتاییدا بوو، نامەیەک لە لایەن جەنابی راسێلەوە منی خستە وەها دۆخێکەوە".

بەهۆی ئەم نامەیەوە پێوەندییەک لە نێوان راسێل و فریگە شکڵ دەگرێت کە داهاتووی بەشێکی زۆر لە فەلسەفە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، چونکە هەر لە ڕێگەی فریگەوە راسێل لەگەڵ قوتابییەکی شایستە و بەتوانای وەک خۆی، لۆدڤیگ ڤیتگنیشتاین (1889–1951) ئاشنا دەبێت و بەرەو زانکۆی کیمبریج رایدەکێشێت. بوونی ڤیتگنیشتاین لە کیمبریج بووە هۆی ڕوودانی دوو بوومەلەرزەی فەلسەفی گەورە کە هێشتاکەش فەلسەفەی ئەورووپا و ئەمریکا لە ژێر کاریگەرییەکانیدا ماونەتەوە، هەر بەم هۆیەشەوە مامۆستاکەیان، واتە گوتلوب فریگە لە جیهاندا ناسرا و ناوبانگی فەلسەفی پەیدا کرد.

هەر لە کۆتاییەکانی هەمان سەدە زانکۆی کێمبریج سیمایەکی کاریگەرتر و جیاوازی تێدا دەرکەوت کە ئەویش جۆرج ئیدوارد موور (1873–1958) بوو. موور خوێندکاری قۆناغی سەرەتایی ئەدەبی کۆنی یۆنان لە زانکۆی کێمبریج بوو کە پاش ئاشنابوونی لەگەڵ راسێل دەستی بە خوێندنی فەلسەفە کرد. بە پێچەوانەی راسێلەوە، موور شارەزاییەکی وەهای لە ماتماتیکدا نەبوو، هۆگریی ئەو دەگەڕایەوە بۆ ئەو ئەتمۆسفێر و دۆخە پڕ جۆش و خرۆشە کە لەمەڕ فەلسەفە لە زانکۆدا هەبوو، تێڕوانین و جیهانبینی زاڵی ئەو دەمەی زانکۆ، ئایدیالیسم و زەینخوازیی بوو کە بە خەستی لە ژێر کاریگەری فەلسەفە و کەسایەتی فریدریش هیگڵ (1770–1831)؛ فەیلەسووفی ئاڵمانیدا بوو. پەرچەکردار و تێڕامانی موور بۆ ئەم ڕوانگەیە و بەرهەمەکانیان لەگەڵ لێکۆڵینەوە و دەسکەوتەکانی فریگە و راسێل بەردی بناغەی بزووتنەوەیەکی دانا کە ڕۆڵی "زمان" لە دروستکردنی باسە فەلسەفییەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارە و وەڵامەکانیان دەکاتە تەوەری باس و توێژینەوەکانی. ئەم بزووتنەوەیە لە جیهانی فەلسەفەدا ئەمڕۆ ئیدی وەکوو نەریت (tradition)ێکی لێهاتووە. ڕێبازی شیکارانە تایبەتمەندییەکی مەنهەجی و ئایدۆلۆژیکی نییە، واتە کۆمەڵێک بنەما و توخمی پێناسەکراو و دەستنیشانکراوی بۆ نەخراوەتە ڕوو، بەڵکوو فەیلەسووفانی ڕێبازی شیکاری بۆ گەیشتن بە کۆدەنگییەک داکۆکی لە نرخ و گرنگیی زمان لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا دەکەن. بەو واتایەی کە زمان و دەکارکردنی زمان وەکوو میتۆد (لەوانە شێوەی دەربڕین و خستنەڕووی ئەنجامەکان) بەشێوەیەکی گشتی (نەک وردەکارانە و پاژبینانە) پێناسە دەکەن. لەم نەریتەدا دەشێت پرسیارێکی بنەڕەتی ئامادە بێت، ئەویش ئەوەیە کە چ جۆر کەڵکەڵە و چالاکییەکی فیکری لەبارەی زمانەوە دەتوانێت بەتەواوەتی فەلسەفی بێت؟

## زمان و شیکاری لای موور

ئەوەی کە دەبووە هۆی کنجکۆڵی و پرسیارسازی لە لای موور، ئەوە بوو کە بیردۆزە فەلسەفییە باوەکانی سەردەم وێنەیەکی بە تەواوەتی جیاوازیان لە حەقیقەتی شتەکان دەخستە ڕوو، لەم بیردۆزانەدا هەموو ئەو شتانەی کە لای موور و ئەوانەشی لەگەڵ فەلسەفە ئاشناییان نییە، بە ڕاستییەکی ڕەها و حاشاهەڵنەگر دادەنران، ڕەتدەکرانەوە و دەخرانە خانەی گومانەوە. بیروڕای فەیلەسووفان لەبارەی حەقیقەتی جیهان دابەش دەکرانە سەر دوو دەستە:

1–دەستەی یەکەم کە زۆرینەیان هۆگرانی ئاڵمانی زمانی هیگڵ بوون، حەقیقەتیان بە بابەت و شتێکی ڕازاوی و سڕۆک دەبینی کە گەیشتن پێی جگە لە ڕێگەی شهوودێکی گشتەکی کە تایبەتمەندییەکانی هیچکات ڕوون و دیار نین، مومکین نییە. زمانێک کە بۆ باسکردنی ئەم بابەتە گشتەکییە دەکار دەکرا، لە هەمان کاتدا کە هاوبەشییەکی زۆری لەگەڵ زمانی ئاسایی و ڕۆژانەدا هەبوو، لە زۆر حاڵەتیشدا بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە لە نێوان خودی نووسەران و بیرمەندانیشیاندا هاودەنگی و هاوکۆکییەک لەسەر مانای وشەکانی نەبوو، بۆیە تووشی مشتومڕ و مقۆمقۆی کەلامی و زمانی دەبوونەوە.

2–دەستەی دووەم کە زۆرتر هۆگرانی ئینگلیزی زمانی ڕێبازی هیگڵی لەخۆ دەگرت، لەو خاڵەدا کە حەقیقەت لە هەناوی شتە ورد و دەستنیشانکراوەکاندا دەرناکەوێت و تایبەتە بە شتە گشتەکی و جیهانگیرەکان، هاوبەش بوون، بەڵام پێشیانوابوو ئەو گشتێتییەی کە ئاخێزگەی دەرکەوتنی حەقیقەتە، دەشێت بێتە سەر زار و زمان و بەشێوەیەکی تاڕادەیەک ڕوون باس بکرێت. بیرمەندانێکی وەکوو هێربێرت برادلی (1846–1924) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و ژان مەک تاگیرت (1866–1925) و جۆرج ئوستاوت (1860–1944) لە کێمبریج بەپێی ئەو باوەڕەی کە بە باسکردنی ڕوون و ساکاری ڕوانینە گشتەکییەکان هەیانبوو، هەوڵیان دا زمانێکی ساکار و ڕوون بۆ باسی حەقیقەت بدۆزنەوە، ئەگەرچی لەو بوارەدا هیچ کاتیش زۆر سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام هەوڵ و تیکۆشانیان بە تایبەتی هەوڵەکانی مەک تاگیرتی لاو کە موور لە کێمبریج ناسیاوەتی لەگەڵ پەیدا کرد، کاریگەرییەکی زۆر و بنەمایی لەسەر موور دانا. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستە و تێڕامانەکانی موور زەمینە بۆ بنیاتنانی ڕەوتێک خۆش بکات کە دەروازەیەکی نوێ بوو لەسەر پێوەندیی حەقیقەت و زمان. موور بەو ئاکامە گەیشت کە هەوڵەکانی ئەم فەیلەسووف و بیرمەندانە سەرەڕای ئەوەی نەبووەتە هۆی بەدیهاتنی زمانێکی ڕوون و ساکار، هۆکارێکیش بووە بۆ دروستبوونی ڕاڤە و تێگەیشتنی جۆراوجۆر و هاتنەئارای جیاوازیی قووڵی مانا و چەمکەکان لە ڕووبەری زماندا. بۆیە موور هەڵوێستی فەلسەفی خۆی لە مەڕ پێوەندیی زمان و حەقیقەت بە ڕوونی دەربڕی. لای موور بۆ جێگیرکردنی هزری فەلسەفی بە ئاراستەی دۆزینەوەی حەقیقەتدا، هیچ چارەیەک نییە جگە لەوەی پێش چوونە ناو باسە فەلسەفییەکان، پێداچوونەوەیەکی بنەمایی لە شێوازی پرسیار و وەڵام لە فەلسەفەدا بکرێت. پوختەی قسەی موور لەوبارەیەوە ئەمەیە:

من لەو باوەڕەدا نیم جیهان یان زانستەکان هیچکات پرسێکی فەلسەفییان بۆ من خستبێتە ڕوو. پرسە فەلسەفییەکان تەنها لەڕێگەی "بابەت"گەلێک بۆ من خراونەتە ڕوو کە فەیلەسووفانی تر لەبارەی جیهان و زانست باسیان لەسەر کردووە...ئەو پرسانەی کە مەبەستی منن بەزۆری دوو چەشنن، یەکێک ئەوەی کە بەتەواوەتی ڕوون ببێتەوە مەبەستی فەیلەسووفێک لەوەی گوتوویەتی چییە، دووەم ئەوەی کە ڕوون ببێتەوە چ هۆگەلێکی پتەو و تۆکمە بۆ سەلماندنی دروستی یان نادرووستی مەبەستەکەی لەئارادا هەیە. وا تێدەگەم لە هەموو ژیانمدا تەواوی هەوڵم بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی پرسگەلێکی وەها بووە... (فلسفە تحلیلی،مجموعە مقالات، چاپ دوم،شمارە ٧و٨، سازمان چاپ و انتشارات،زبان حقیقت و حقیقت زبان، یوسف علی ێبادی ل٧)

لای فەیلەسووفانی ڕێبازی شیکاری بیرکردنەوە لە ناو زمان و بەهۆی زمانەوە ڕوو دەدات و دواتر ئەم ڕوانینە هێندە میکانیکی و ماتماتیکی بووەوە کە ئەمڕۆ هەندێک لایان وایە ماشینانێکی وەکوو کۆمپیوتەر کە سیستەمێکی زمانی وەکوو ویندۆزیان لەسەر دانراوە، دەتوانن بیر بکەنەوە چونکە زمانێکی ورد و زانستی و ماتماتیکییانە (بە مانای تاقانە مەدلوولی دال و وشەکان)ی هەیە!

دەشێت باس لە زۆر هەوڵی تر و زۆر پرسی فەلسەفیی تر لەناو فەلسەفەی شیکارانەی زمان بکرێت، وەکوو پێوەندی ڕستەیی ماتماتیک و لۆژیک، ماتماتیک و زمانی ماتماتیک، مانا و حەقیقەت و بیرکردنەوە و زەینییەت و ئەگەری مەعریفە و پێکهات لە زمانی حەقیقەت و... کە بە زۆری فریگە پێشەنگیان بوو یان ڕەوتی پۆزیتیڤیسمی لۆژیکی لە لای ڕۆدۆلف کارناپ تادەگاتە هەوڵەکانی ڤیتگنشتاینی دوایی و هەوڵە تازەکانی جان ئۆستین و ڕوانینە فیزیۆلۆژییانەکەی نوام چۆمسکی بۆ زمان.

ژێدەر: فلسفەی تحلیلی (مجموعە مقالات)/ نوشتە و ترجمەی یوسف،ص، علی ێبادی... (و دیگران)- تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی؛ سازمان چاپ و انتشارات، 1382. 456 ص، (مقالات فصلنامەی فلسفی، ادبی، فرهنگی ارغنون؛ 7 و 8)

# فەلسەفەی شانۆ

نیهاد جامی





پرسیارکردن لە فەلسەفەی شانۆ بۆ خۆی قسەکردنە لە دوو بابەت و کایەی گرنگی ناو ژیان: فەلسەفە و شانۆ. فەلسەفە کە پەیوەستە بە عەقڵ و شانۆش هونەرێکە زادەی خەیاڵ و دیدگای هونەری و شیعرییە، بۆیە ئەو کاتەی پرسیار لەبارەی فەلسەفەی شانۆ دەکەین، بەواتای دەمانەوێت لە عەقڵانیەتی ئەو دنیا خەیاڵییەوە قسە بکەین، دنیایەک بەتەنیا ڕووبەرێکی خەیاڵئامێز نییە، بەڵکو خەیاڵ وێنای دنیایەکی تر دەکات، ئەوەی لە واقیعدا نییە، یاخود هەیە و شانۆ دێت بە دید و ڕوانینێکی تر دەیخولقێنێتەوە، خولقاندنەوە بەواتای گەڕانەوە بەرەو سەرەتاکانی شانۆ، بۆ یەکەم ساتەوەختی لەدایکبوون، بۆ ناو ژیاری گریکی و قسەکردنەوە لە زەمەنێک کە تیایدا فەلسەفە و شانۆ لە ململانێ و ڕکابەریدا دەبن، تراژیدیا دەبێتە تەوەری سەرەکی ئەو پەیوەندیە کە دیالۆگی فەلسەفی وشانۆیی تێدا دەخولقێنرێت.

تراژیدیانووسانی گریکی بەتەنیا شانۆنامە نانووسنەوە، بەڵکو لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ گوتاری فەلسەفی، بۆیە تا ئەم ڕۆژگارەمان ئەو بابەتە پەیوەستە بەهەردوو دنیای شانۆ و فەلسەفەوە، شانۆنووسان و فەیلەسووفەکان بەیەکەوە بەشداری لەو دیالۆگە دەکەن، تا ئاستی ڕەخنەیەکی قووڵ لەیەکتری کە سەرەنجام ڕەخنەکان دەبنە زەمینەیەکی پتەو بۆ فەلسەفەی شانۆ، تاوەکو دنیابینی شانۆمان بۆ بخاتەڕوو، لەهەمان کاتدا بۆ ئەو سەردەمەی ئێستامان شانۆ بگەیەنێتە شانۆیەکی فەلسەفی، ئەوەش پەیوەستە بەو پەیوەندیە هاوبەش و دانەبڕاوەی ئەو دووە بە یەکترەوە.

بۆیە قسەکردن لەو پەیوەندیە گەڕانەوەیە بۆ ناو ڕابردوویەک کە پەیوەستە بە فەیلەسووف و شانۆکارەوە، ڕەنگە لەڕابردوودا هەرگیز پێشبینی ئەوە نەکرابێت کە شانۆکارەکان وەک فەیلەسووفەکان دەربکەون، بەڵام ئەمێستا کە شانۆ گرنگیی گوتار و مەعریفەکەی ڕوون دەبێت، ئەوسا نکوڵی ناکرێت لە گرنگیی سوکرات و یۆرپیدس، یاخود ئەفلاتوون و سۆفۆکلیس، بەوەی هەردوولا پرۆسەیەکی عەقڵانی و دنیابینی تایبەت دەخولقێنن، کە سەختە یەکێکیان بتوانێ نکوڵی لەویتر بکات، بۆیە دەیالۆگ و ڕەخنەگرتن لەویتر بەرەنجامی تێگەیشتن لەو پرۆسەیەی کە لەبنەڕەتدا لە دوو تێگەیشتنی جیاوازەوە دێنە بوون، دواتر دەگەڕێنەوە ناو یەکتری، ئەویش پەیوەندیی نێوان عەقڵ و خەیاڵە.

ڕەنگە شوێن هۆکاری سەرەکی پەیوەندیی نێوان شانۆ و فەلسەفە بێت، بەوپێیەی یۆنان دەبێتە شوێنی لەدایکبوونی هەردووکیان، بۆیە ئەو دەمەی فەیلەسوفە یۆنانیەکان دەردەکەون، شانۆش نووسەر و ئەکتەرەکانی هێناوەتە بوون، تەنانەت هاتنی ئەفلاتوون لە ساتەوەختێکدایە کە سۆفۆکلیس لە ژیاندا نەماوە، بەواتای تراژیدیاکانیشی نووسیوە، کە سۆفۆکلیس بۆ شانۆی کلاسیک وەک سوکراتە بۆ فەیلەسووفەکانی ئەو سەردەمە.

سەرچاوەکانی ئەو دووانە میراتێکی هاوبەشی ژیاری گریکیە، ئەوەش شەڕێکە بۆ یەکلاکردنەوە کە بوونی هەر یەکێکیان وەک ناوەندگەرێتی عەقڵی مرۆیی سەیر بکرێت، بەوەی داخۆ ئەوە فەلسەفەیە دەبێتە هۆی عەقڵانیەتی مرۆڤ؟ یاخود ئەوە شانۆیە ئەو ناوەندگەرێتیەی کە مرۆڤی بیرکەرەوە، مرۆڤێک کە خاوەنی پرسیار وگومانە، لەڕێگەی شانۆوە دەبێت دەربکەوێت.

ئەگەر فەلسەفە بەدوای بیرکردنەوە و گومانەوە بێت، وەک لە دەستەواژە ناسراوەکەی سوکراتدا هاتووە کە ئەو تەنیا یەک شت دەزانێت، ئەویش ئەوەیە کە نازانێت، کەچی نووسەرانی شانۆ سەرەتا دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ ناو ئەفسانەکان، لەکاتێکدا فەلسەفە دەیویست قسە لە هەڵوێستی زانست بکات، نەک وەک شانۆ قسەکردنی لەبارەی چیرۆکی ئەفسانەوە بێت.

هەرچەندە دەرکەوتنی فەیلەسووفێکی وەکو سوکرات ئەو هەڵوێستەی گۆڕی بۆ تەفسیرکردنی دنیا، ڕەنگە لێرەدا سوکرات خاڵی جیابوونەوە بێت لە نووسەرانی شانۆ، چونکە سوکرات فەلسەفەی لە ڕەوتی ماتریالیزم دەردەکرد، ڕەنگە ئەوە خاڵێکی گرنگ بێت لە جودابوونی میکانیزمی کارکردنی فەلسەفە و شانۆ لای یۆنانیەکان.

شانۆ لەسەرەتاوە وەک فەلسەفە کاری نەدەکرد، بەڵکو لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ئەفسانە، دواتر توانای خوڵقاندنی تراژیدیای هەبوو، فەلسەفە کاری بەو تراژیدیایە نەبوو، بەڵکو بەلاشیدا نەدەچوو، تەنانەت بەخاڵی جودابوونی خۆی لەو دەزانی.

بۆیە یەکلابوونەوەی شەڕی ئەو میراتە لێرەدا دەردەکەوێت، ئەویش بەجیابوونەوە لە خولقاندن، ئەگەر شانۆ تراژیدیا بخولقێنێ، ئەوا فەلسەفە دێت ڕاڤەی دنیا دەکات، خوێندنەوەی ئەوەی هەیە، پرۆسەی بیرکردنەوەی فەلسەفی، نەوەک گەڕانەوە بۆ یادەوەری تاوەکو تراژیدیای لێ بخولقێنێ، ئەو تراژیدیایە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەفلاتوون شانۆکارەکانیش وەک شاعیرەکان لە کۆمارەکەی بکاتە دەرەوە. ئاخۆ ئەفلاتوون لەژێر کاریگەری ڕەوانبێژی و زمانەوانی نووسەرانی شانۆدا تێکستە فەلسەفییەکانی نەنووسیوە؟ بەتایبەت لەجۆری دیالۆگی شانۆیی؟ ئەی ئەگەر وابێت چۆن لە کۆمار دەیانکاتە دەرەوە؟

دژایەتیکردنی شاعیران و نووسەرانی شانۆ لەلایەن ئەفلاتوونەوە پەیوەست نییە بە کاریگەریی گوتاری شانۆوە، بەقەد ئەوەی گوتاری دژە لە بەرامبەر تێکستی شانۆ و ڕوانینی شانۆنووسێک کە ئەریستۆفانیسە. ئەو شانۆنووسە لە شانۆگەرییەکی کۆمیدیدا باس لەوە دەکات: "سوکرات جگە لە سۆفستاییەک شتێکی تر نییە، لە شانۆگەری (ڕاکێشان) گاڵتە بە سوکرات دەکات و بانگەوازی ئەوە دەکات کە پێویستە قوتابخانەکەشی بسووتێنرێت، تاوەکو پارێزگاری لە شارەکە و مانەوەی بکرێت" الفلسفە والمسرح/ کمال فهمی، افریقیا الشرق 2014، ص 17.

هەڵبەت سۆفستاییبوونی سوکرات حەقیقەتێکە بەهۆی ئەوەی ئەو فەیلەسووفە قسەی کردووە نەوەک نووسیبێتی، خۆ لە نووسینەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆشدا هەمیشە دەستەواژەی (مامۆستا دەیگوت) دەنووسرێت، خۆ لەبری ئەوە نەگوتراوە (مامۆستا نووسیویەتی). ئەریستۆفانیس بڕوای وایە سوکرات تەنیا قسەکەرێک بووە، پێویستە بە ژەهرخواردکردنی کۆتایی بە قسەکانی بهێنرێت، تاوەکو پارێزگاری لە ئاسایش و هێمنیی شار بکرێت.

هەڵبەت ئەوە ئەفلاتوون تووڕە دەکات تا ڕادەی ئەوەی لە کۆمار دەریاندەکات، بەڵام دەرکردنیان زیاتر بەهۆی ئەو تێگەیشتن و ڕوانینەیانە بۆ سوکراتی مامۆستا، دەنا ئەفلاتوون بۆ خۆی نەیتوانیوە لەژێر کاریگەری ڕەوانبێژی و زمانەوانیی شانۆ دەرباز بێت، تێکستە فەلسەفیەکانی لەشێوەی شانۆنامە نووسیوەتەوە، بەتایبەت تێکستە ناسراوەکەی لەبارەی مامۆستا ژەهرخواردکراوەکەی بەناوی "داکۆکی لە سوکرات".

کاتێک دەگەڕێینەوە لای شانۆنووسانی یۆنانی بەتایبەت سۆفۆکلیس، دەبینین ئەوە ویستی کارەکتەرەکان نییە کە تراژیدیای خوڵقاندووە، بەڵکو کارەکتەرێکی وەکو ئۆدیب لە نائاگاییەوە تراژیدیاکان دەخولقێنێ، بەڵام تراژیدیایەک لە توانای وێنەکانی فەیلەسووفدا نییە بیخولقێنێ، بۆیە ئەوەی شانۆ لەو کاتەدا دەیکات فەلسەفە توانای بەسەریدا ناشکێت، بەڵکو ئەوەی فەلسەفە بیکات دەرکردنی شانۆ نییە، بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی فەلسەفیە بۆ شانۆ.

وەک چۆن فرۆید دەگەیەنێتە ئەوەی تیۆری تایبەت بخولقێنێ و ئەنترۆپۆلۆژیستێکی وەکو مۆریس گۆدلیە ڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیانەی لەڕێگەی شانۆنامەکەی سۆفۆکلیسەوە بەرهەم دێنێ، یاخود فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرن کاتێک دەیانەوێ ئەو سەردەمەی خۆیان بخوێننەوە پەنا دەبەنەوە بەر تراژیدیاکانی شکسپیر، بەتایبەت تراژیدیای هاملێت کە لە خوێندنەوەی فەلسەفی ژاک دێریدا بۆ قسەکردن لە فەلسەفەی مارکسیزم پشتی پێ دەبەستێت، یاخود فەیلەسووفی فەڕەنسی بە ڕەگەز بولگاری ژولیا کریستیڤا لەڕێگەی هەمان شانۆنامەوە قسە لە دیاردەیەکی دەروونی بکات.

هەر لێرەشەوە فەلسەفەی شانۆ دەردەکەوێت، بەدەرکەوتنیشی بابەتی فەلسەفە و شانۆ لەنێوان (فەلسەفەی شانۆ) و (شانۆی فەلسەفی) دەبنە دوو بابەتی گرنگی ئەو پەیوەندیە، بابەتێک کە گرنگی تایبەتی بۆ شانۆ هەیە و ناکرێت فەرامۆش بکرێت، لەسەر ئاستە دەلالی ومەعریفیەکانی نەوەستین و لەناو ڕووبەری تێکست و نمایشە شانۆییەکان نەیخوێنینەوە.

## نەزەند بەگیخانی:

# حەزم دەکرد بمتوانیبا هەندێ جار هاروهاج بم



ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە، کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بە دوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوونیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد. بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە دووەم گفتوگۆدا، نەزەند بەگیخانی شاعیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور**

**رووداو: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** کتێبێکی نوێی برونۆ پاتینۆ بەناوی (شارستانیەتی سووره ماسی) بە زمانی فەڕەنسی تازە بڵاوبووەتەوە و باس لە مرۆڤی سەردەمی ئینتەرنێت و سۆشیەڵ میدیا دەکات کە نووسەر تەشبیهی کردووە بە سووره ماسیی بچکۆلە لەوەدا کە وەک ئەو بیرەوەریمان کورت و تەرکیزمان کورتخایەن بووە و لە بازنەی شاشەکانمان و زرینگەی مۆبایلەکانماندا خۆمان بچووک کردووەتەوە، وەکو زیندانیکراو بەبێ هوودە سووڕ دەخۆین. ئەم دۆخە کاردانەوەی زۆرە لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی هاوسەرگیری و چارەنووسی مرۆڤایەتی. ئەگەر درێژیی تەرکیزی ئەو ماسییە سووره بچکۆلانە هەشت چرکە بێت، ئەوە هی مرۆڤی ئەم سەردەمە بەپێی توێژینەوەکان کورت بووەتەوە بۆ نۆ چرکە. ئیتر سووڕ دەخۆین و دەخولێینەوە لەناو حەوزێکی شووشەیی بچووکدا و بەرەو کەندڕ ملمان شۆڕ کردووە. برونۆ پاتینۆ مامۆستای زانکۆی سیانس پۆ-ی پاریسە و بە فەڕەنسی دەنووسێ.

**رووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**نەزەند بەگیخانی:** ڕۆمانی تاعوون-ی ئەلبێرت کامیو.

**رووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**نەزەند بەگیخانی:** ڕۆمانی ئەبلە-ی دۆستایۆڤیسکی، بە کوردی گێل یان گەمژە؟

**رووداو: کتێبێک کە خۆزگە بخوازی تۆ نووسیبات؟**

**نەزەند بەگیخانی:** دوو کتێبن: فرانکنشتاین-ی ماری شێلی. کتێبێکی دیکەش کە زۆرم حەز دەکرد من بمنووسیبا کتێبەکەی جۆستین گاردەر بە ناوی 'جیهانی سۆفی'.

**رووداو: کتێبیک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** کتێب و شیعرەکانی ئۆکتاڤیۆ پاز.

**رووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** بیرم نایە لە خوێندنەوەی کتێب گریابم، بەڵام لە سەیرکردنی فیلم ئا.

**رووداو: کتێبێک کە بە دیاریی دەیبەخشیت؟**

**نەزەند بەگیخانی:** هەر کتێبێک کە وا بکات بیر بکەینەوە و جوان بژین... دوا جار کتێبێک کە بە دیاری بەخشیبێتم کتێبی 'پێغەمبەر'ی جوبران خەلیل جوبران بوو پێشکەشی ژنێکی فەڕەنسیم کرد. پێشتر 'گرەوی بەختی هەڵاڵە'ی عەتا نەهایی بوو کە بە دیاری پێشکەشی خوشکەکەم کرد. ماوەیەک پێش ئێستا سەحرای تەتەران-ی دینۆ بووزاتی-م پێشکەش بە هاوڕێیەکی کۆسۆڤی کرد. ساڵی پاریش لە پراگ لە مۆزەخانەی کافکا دوو ڕۆمانی کافکا، کۆشک و مێتامۆرفۆز-م پێشکەش بە کوڕەکەم کرد. ئیتر ئاوا...

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا- فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**رووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** هەموو ڕەفتار و کردارێک کە خود نەکاتە سەنتەر، واتە ناخودپەرستی و نابەرژەوەندخوازی.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**نەزەند بەگیخانی:** لایەنی ژنانەی خۆیان نەشارنەوە تا جوانتر مرۆڤ بن، سروشتی و ڕاستگۆ.

**رووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**نەزەند بەگیخانی:** متمانەبەخۆبوون و کرداری بوێر بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەماشا و زەوق و ئارەزووی پیاوان.

**رووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**نەزەند بەگیخانی**: سەمیمیەت و وەفا و متمانە، کە وا دەکەن بە قووڵی و ڕاستگۆییەوە لەگەڵ یەک بدوێین نەک ڕووکەشانە لەگەڵ یەک بین.

**رووداو: حەزت لە چییە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** یۆگا و مێدیتەیشن و چارەسەرە سروشتییەکان.

**رووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**نەزەند بەگیخانی:** بە ڕای من شتێک نییە بە ناوی بەختەوەریی ئایدیاڵ، پاسکاڵ دەڵێ دوو جۆر ڕوانین هەیە: یەکەم ئەوەیە هەموو شتێک وەک موعجیزە ببینین، ئەویتریش ئەوەیە کە هیچ شتێک وەک موعجیزە نەبینی. پێویستە ئەوەش بڵێم کە، هەروەکو ئەلبێرت کامیو دەڵێ: سێ توخم پێویستن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ئاسوودە بێت: جۆرێک لە یاخیبوون، بڕێکی باش لە ئازادی و، هەستکردن بە دادوەری.

**رووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** مەرگی منداڵ و خۆشەویستان.

**رووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**نەزەند بەگیخانی:** لەناو چیا و کەژوکێو کە بە دیمەن وەک تابلۆ بێت و لە ناواخنیشدا وەک کتێبێک خۆی بکاتەوە، ڕۆژانە لاپەڕە بە لاپەڕەی دۆڵ و چەم و درەخت و تاڤگە و گرد و گوڵ و گیاکانی کەشف بکەم.

**رووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** شیعرێکم هەیە بەناوی 'پێشانگای ڕەنگ' ڕێک بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگونجێ:

پێشانگای ڕەنگ

**سوور ژوورێکی گومەزیە**
**دیوارەکانی درزبردوو**
**چێژیان لێ دەڕژێ**

**شین گۆشەیەکی شەرمنە**
**هێڵەکانی هێمن**
**لەژێر لێوەوە پێدەکەنن**

**زەرد سەکۆیەکی ڕۆشنە**
**بانگمان دەکا**
**بۆ ناو ماڵی عیبادەت**

**کەسک پەنجەرەیەکی پڕ هێمایە**
**سەما دەکا**
**لەسەر ڕیتمی زەمەن**

**نارنجی کورسییەکی کەمدووە**
**لەناو دیمەنێکی زیندوو**
**لەسەر شانۆی پێکەوەیی**

**سپی ڕێگایەکی مەلولە**
**پێپایان ڕاکشاوە**
**بەرەو ئەودیوی شتەکان**

**ڕەش چەقی بوونە**
**هەمووومان کۆ دەکاتەوە**

.....

بۆ گوڵیش، وەنەوشە و گوڵە حاجیلە و مەندیلان.

**رووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**نەزەند بەگیخانی:** نووسەرانی ئەمەریکای لاتین و ڕووس کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خەیاڵ و تێگەیشتن و ژیانی من هەبووە.

**رووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** مەولانای ڕۆمی، لەناو ژنانیش سافۆ.

**رووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** تێکەڵەیەکی هاوسەنگ لە هیپکلیف و ئێدگار لینتن لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی بەرزاییەکانی وەزەرینگ-ی ئێمیلی برۆنتی.

**رووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** پاڵەوانە ژنەکان هەمیشە یا دەکوژرێن، یا تۆمەتبار دەکرێن یا دەمرن. دڵخوازی من پاڵەوانە حەقیقی و نادیارەکانی ژیانمانن، بە پلەی یەکەم دایکەکانمان، دایکە جگەرسووتاو و کۆڵنەدەرەکانی کوردستان.

**رووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**نەزەند بەگیخانی:** ئەوانەی دەف دەژەنن و دەمانخەنە ناو دۆخی حاڵگرتن، هەروەها زۆر گوێ لە شۆپان دەگرم. بەڵام سروشت بە هەموو توخمەکانییەوە دڵخوازترین میوزیک دەچڕێ، دیارە ئەگەر کات و بوارمان هەبێ و بە وردی گوێی لێ بگرین.

**رووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**نەزەند بەگیخانی:** کچە ئێزیدی و نیگارکێشەکانی کامپی شاریا کە دوای نزیکەی ساڵێک لە خولی ڕاهێنان بە هونەری هێڵکاری و نیگارکێشی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی زانکۆی بریستل کە من سەرپەرشتیاری بووم، کۆمەڵێ تابلۆی تایبەتیان بەرهەم هێنا. لەو تابلۆیانەدا، هێڵ و ڕەنگ و جووڵە و هێماکان جگە لە بەهای هونەرییان، گوزارشت لە ئەشکەنجە و ئازاری ژنانی ئێزیدی دەکەن و بەهایەکی مرۆڤانەی گەورەیان هەیە، لە ڕێگای ئەم تابلۆیانەوە ئەو کچانە بە ژیان و بەخۆیان ئاشت بوونەوە. ئەو کچانە کە پێشتر هەرگیز قەڵەم و بۆیە و کەرەستەکانی دیکەی وێنەکێشانیان بەدەستەوە نەگرتبوو، ئەگەر پشتگیری بکرێن و بەردەوام بن، هەندێکیان دەبنە هونەرمەندی بەتوانا. کچە کوردێکی ڕۆژئاواش بە ناوی زنارە کە لە هەولێر دادەنیشێ، تابلۆکانی مایەی سەرسامین.

**رووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** ڕێحان و نەوزاد، لەگەڵ ئارام و هێلین.

**رووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** حەزم لە وشەی ڕق نییە و ناهێڵم لەناومدا جێی خۆی بکاتەوە. بێباکی تووڕەم دەکات و بیرنەکردنەوەش بە تایبەتی لە پایەی هێزدا (هێزی کولتووری بێت یا سیاسی) وەک جۆرێک لە دەبەنگی و مەترسی دەبینم.

**رووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** هەندێ جار، هەموو کات نا، حەزم دەکرد بمتوانیبا هاروهاج بم.

**رووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**نەزەند بەگیخانی:** بە شێنەیی... دایکم هەمیشە کە دوعای دەکرد، دەیگوت "خودایە ڕەزیل و کەساس نەبم'.

**رووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** دوای کارەسات و مەرگ و مەنفا و کەوتنەکان، هەمیشە توانیومە بە هۆشیارییەوە هەڵسمەوە، بۆیە لە خود نزیکم و دەتوانم حزور لە تەنیاییدا بەدی بکەم، دوور لە ترس، دوور لە رق.

**رووداو: درووشمی تۆ چییە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** یەکانگیری و بەویژدانی.

**رووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**نەزەند بەگیخانی:** بەڵێ، حەز دەکەم هەر نووسەر بم، بەڵام لەگەڵ ئەوە مەلەوانێکی باش و پەڕەشووتچیش بم.

> نووسەرانی ئەمەریکای لاتین و ڕووس کاریگەریی زۆریان لەسەر خەیاڵ و تێگەیشتن و ژیانی من هەبووە

> شاعیری دڵخوازی من مەولانای ڕۆمییە، لە ژنانیشدا سافۆ